www.kurdistannet.org
25-5-2003 21:21

# ڕوونكردنەوەیەك لە وەڵام بە پرسیارەكەی من

**ڕەحمان مولود**

24/5/2003

ئەو پرسیارەی[1] کە من لە ( ح ک ک ع) م کرد هیچ پەیوەندی بە ئالوگۆڕەکانی ئەم دواییەی ئێراق نەبوو وەک بەڕێز ئاسۆ کەمال (ئا. ک) لە نووسینەکیدا[2] باسی دەکات، . من بەردەوام هەستم دەکرد کە ئەو برادەرانە ئەوەندەی قسە لە سەر ڕیفراندۆم دەکەن ئەوەندە قسەیان لەسەر ئەوە نەدەکرد کە ئەوان لە ڕیفراندۆمەکە دەڵێن چی، لە نووسینەکەی پێشووشم بەلگەم بۆ ڕاستی ڕای خۆم هێناوە.

من لە سەرەتاوەش دڵنیا بووم نە ( ح ک ک ع) و نە مەنسووری حیکمەتیش بڕوایان بە جیابوونەوەی کوردستان نی یە. ئەو بەڕێزانە نە سەیری کوردستان دەکەن وەک وولاتێکی داگیرکراو بەسەر چوار داگیرکەر، نە قسەش لەو دەکەن کە کورد تەنها میللەتە لەو سەر زەمینە لەورۆدا کە بەو قەبارەیە بێت و وولاتی نەبێت. ئەو بەڕێزانە حیزبێکی کوردی جوداخواز نین تاکو داوای سەربەخۆیی کوردستان بکەن، ئەوانە حیزبێکی ئێراقی و نێونەتەوەیین!، وە خەلکی کوردستانیش ئەو ڕاستیانە چاک دەزانن، هەر کەسێکیش لە کوردستان بڕوای بە سەربەخۆیی کوردستان هەبێت لە ( ح ک ک ع) جێگای خۆی نابێنێتە و کڵاوی جیابوونەوەش ناچێتە سەر کەس، هەر بۆیەشە باوەر ناکەم ( ح ک ک ع) یەک تاقە ئەندامیشی زیادی کردبێت لە ڕێگای بانگەواز کردن بۆ ڕیفراندۆم لە ساڵی ١٩٩٥ ە تاکو ئێستا.

من پێم وایە ( ح ک ک ع) خۆێندەوەیەکی مەکتەبیانەو نادروستی بۆ کێشەی کورد لە ئێراقدا هەیە. کێشەی کورد لە ئێراق کێشەی کەمایەتیەکی نەتەوەیی و بزووتنەوەیەکی دیموکراتی نی یە، مەسەلەیەکی دیموکراتی وەک، مەسەلەی ژنان و منالان و ڕا دەربڕیین. . هتد نی یە کە ( ح ک ک ع)

و هەندێک لە چەپ قسەی لێ دەکەن. کێشەی بەشێکە لە وولاتێکی دوو بەش، کە بەشەکەی یەکەم خۆی بە خاوەن ماڵ دەزانێ و وەک کەمایەتی میللی سەیری بەشی دووەم دەکات. کێشەی کورد لە ئێراق کێشەیە لەسەر خاوانداریەتی ئێراق. کێشە لەسەر ئەوەیە، کە ئایا دەکرێ چوارچێوەیەکی سیاسی ئەوتۆ بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی دوو میللەتی جیاواز بەیەکەوە بژین. ئینسانی عەرەبی ئێراقی دەبێت ببینێت کە ئەوان تەنها بەشێکی ئێراقن نەک خاوەنی ئێراق.

لە بەر ئەوەی لە سەرەتای دروست بوونی ئێراق تاکو ئێستاش، تێروانینی میللی عەرەبی دەسەلاتدار بۆ جێگاو شوێنی کورد لە پێکهاتی ئێراق وەک کەمایەتی بووە، ئەو کێشەیە هەر هەبووەو هەر دەبێت تاکو، یان کوردستان جیا دەبێتەوە یا ن ئێراق دەبێتە وولاتێک کەتیایدا جێگاو شوێنی کورد لە کەمایەتی دەبێتە شەرێک و خاوەن ماڵی بەشەکەی خۆی. قسەی[3] لە چەشنی ". . . جیابوونەوە سێهەمین بە دیلی ئێمەیە، لە غیابی بەدیلی یەکەم. . . وە غیابی بەدیلی دووەم. . . ئێمە بەدیلی سێیەمان هەلبژارد. . . "، نەک هەر بێ بەدیلی سیاسی و تێنەگەیشتن و بەکەم گرتنی کێشەی کورد ڕادەگەینێ، بەلکۆ وەکو پرسیاری ماتماتیک دیێتە بەر چاو کە سێ وەڵامی هەبێت و داوات لێ بکەن کە وەڵامی ڕاست هەلبژێری. تەنها جیاوازیەک هەبێت لە گەل ماتماتیک ئەوەیە کە لەو پرسیارەدا هەرسێ وەڵامەکە ڕاستە لە کاتێکدا لە پرسیار هەلبژاردن تەنها یەک وەڵامی ڕاست هەیە.

پرسیارێک لێرە دێتە پێشەوە، ( ح ک ک ع) کە سێ وەڵامی هەیە بۆ یەک پرسیار ( سۆسیالیزم، دەوڵەتی غەیرە قومی، جیابوونەوە) و هەر وەڵامێکیش لە هەلْ و مەرجێک ڕاستە، جیاوازی چی یە لە گەل ئەحزابی کوردی کە بەناوی *بەرژەوەندی خەلکی کورد* بە گوێرەی هەلْ و مەرجی ڕۆژ هەر ڕۆژەی پێشنیارێک دەکەن بۆ چارەسەری کێشەی کورد ( حوکم زاتی، حوکم زاتی ڕاستەقینە، فیدرالی. . ) ؟ ئەوان نان بەنرخی ڕۆژ دەخۆن ئەدی ئێوە ؟

---

[1] **ئەو پرسیارە لە سایتی کوردستان نێت و دەنگەکان لە رۆژی ٣-٥ بلاوکراوەتەوە**

[2] **ئەو نووسراوەیە لە سایتی کوردستان نێت و دەنگەکان بلاوکراوەتەوە لە ژێر ناوی " لە وەلام بە پرسی "رفراندۆم " و جیابوونەوە" دا بلاوکراوەتەوە.**

[3] سەرچاوەی پێشوو



www.kurdistannet.org

## ( ح ک ک ع) دەبێت کێشەی مەسەلەی کورد لە ڕیزەکانی خۆی یەکەم جار ساغ بکاتەوە تاکو بتوانێت بۆ خەڵک قسە بکات

لە وەڵامی پرسیارەکەم لە برادەرانی حیزب لە سەر مەسەلەی ڕیفراندۆم و جیابوونەوە، من دوو وەڵامی جیاوازم وەرگرتەوە. یەکێکیان وەڵامی بەرێز سامان سعید (س. س) ە، ئەندامی پێشووی کۆمیتەی ناوەندی حیزب و کادری حیزب لە ئێستادا، وە ئەوەی تریان وەڵامی بەرێز ئا. ک ە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزب. بەرێز س. س دەڵێ : ". . . تێروانین و هەلوێستی سیاسی ئێمە. . . جیابوونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەولەت سەربەخۆ دەزانین [4] " بەرێز ( ئا. ک) دەڵێ[5] : ". . . کۆمۆنیزمی کرێکاری لە ئێستاوە جیابوونەوە بە ڕێگای پێشنیار کراو نابینێت. . ."

روون و ئاشکرایە کە ئەو دوو ڕایە جیاوان. دیارە ئەو مەسەلەیە یەکلانەکرانەتەوە. حیزبی سیاسی بانگەوازی خەلک دەکات بۆ ئەوەی پشتیوانی لە بەرنامەکەی بکەن، بەلام ئەگەر بەرنامەکە نەبێت دەبێت بۆ چی بانگەوازیان بکات ؟ تۆ بلێ ی ئەگەر من ئەو پرسیارەم نەکردیایە ئەو بابەتە ببایە مەسەلە، کە ئێستا بەرێز ئا. ک دەلێ [6] "حیزب دەبێت لە سەر ئەو مەسەلەیەو هەل و مەرجی تازەی کوردستان هەلوێستی خۆی لە بریارنامەو پەسندکراو بخاتە روو "، یان هەر ئەندامێکی ئەو حیزبە بەجۆرێک کاری دەکرد ؟ ئەو ئەندامانەی حیزب کە ئێستا کار دەکەن کارەکاینان ڕادەگرن تا پەسندکراوی نوێ دەردەچێ ؟ یان هەر بە کۆنەکە کار دەکەن ؟.

لە هەشت ساڵی رابردوو سیاسەتی جیابوونەوەکەی ( ح ک ک ع) بە شوێنێک نەگەیشت. سۆسیالیزمیش کە ( ح ک ک ع) وەک دەرمانی هەموو دەردان پێشنیاری دەکات بۆ ئێستا لەسەر مێز نییە. ئەوەی دەمێنیتەوە ( دەولەتە غەیرە قومی) ەکەیە. لەو بارەوە، من زۆر بەکورتی دەڵێم، حکومەتێکی سەرتاسەری، کە یەک سیستەمی سەرتاسەری مەرکەزی بۆ هەموو بوارەکانی ژیانی خەلک : خوێندن، تەندروستی، بەرگری، پەیوەندیەکان، هاتوو چۆ. . . . تاد هەبێت، ئەگەر هەموو لایەکیش هاوولاتی یەکسان بن، نە چارەسەری کێشەی کورد دەکات، نە خەڵکی کوردستان پێی رازیە، نە خزمەت بە ئێراق دەکات، جگە لە ترس و تۆقاندنیش هیچتر بە بیر خەڵک ناهێنێتەوە.

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە بیر و بۆ چونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**

[4] لە وەلامی پرسیاری ( عبدالرحمان مولود ) دا لە سایتی کوردستان نێت و دەنگەکان لە رۆژی ٨-٥ بلاوکراوەتەوە

[5] سەرچاوەی دووەم

[6] هەمان سەرچاوەی پێشوو

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت